# ئیسلامی سیاسی و کوشتاری نوێنگەکانی عیلمانییەت لە ئێراقدا

**خەلیل غەزەلی**



بە گوێرەی هەواڵەکان رۆژی 21ی مانگی 12 تەرمی موحەمەد فەلیح، ڕاهێنەری تیمی پاسکیل(دووچەرخە)ی نیشمانیی ئێراق 2 رۆژ پاش رفاندنی بینرایەوە. بە قسەی کاربەدەستێکی کومیتەی ئۆلومپیکی ئێراق تیروریستەکان بە شێوەیەکی بێبەزەییانە ئەو وەرزشکار و ڕاهێنەرەیان کوشتبوو و تەرمەکەیان شڵەژاندبوو .

ئەم تاوانە بە پێچەوانەی تاوانە رۆژانەکان کە سەرچاوە و هۆکاریان شەڕی ناوخۆیی مەزهەبی و ئیتێنیکین ، لە فاناتیزمی ئیسلامییەوە سەری هەڵداوە و دەتوانێ کاری هەردوولای شیعە یا سونە بێت. واتا ئەو دوو تەیارە توندرەوە ئەگەرچی رۆژانە لە ئێراقدا بە قسەی شارەزایان زیاتر لە 100 کەس لە یەکتر کوشتار دەکەن، بەڵام لەبارێکەوە هاو بیر و هاو قسەن، ئەویش دژایەتی کردنی هەر کار و دیاردەیەک کە پێوەندیی بە عیلمانییەت و ماف و ئازادیی ژنەوە هەبێ.

تاوانی موحەمەد فەلیح تەنیا ئەوە بوو کە ڕاهێنەری تیمی نیشتمانیی ژنانی وەرزشکاری بواری پاسکیل بوو. دیارە هەر ئەوە بۆ ئیسلامی سیاسی بەسە کە پیاوێکی نامەحرەم ، "دەرسی شەیتانی بە ژنان موسوڵمان دەڵێتەوە و لە رێ بەدەریان دەکات". چوونکە لە بیری تەسکی ئەو جانەوەرانەدا، ژن نەک هەر ئینسان نییە ، بەڵکە کۆیلە و ئامێری خوشگوزەرانیی پیاوە و نابێ "پێی لە بەڕەی خۆی زیاتر درێژ بکات." بەوپێیە دووچەرخە سواری و پاسکیل لێخوین بۆ ژن حەرامە و لەوەش خراپتر ئەوەیە کە بچێتە مەیدانە وەرزشییەکانەوە و قاچ و قولی ڕووت بکات ، کە ئیتر لێرەدا کۆڵەکەی دینی ئیسلامی سیاسی دەڕووخێت. ئەوەیە کە ئامادە دەبێ دەسبداتە ئەو جەنایەتەوە.

ئەگەر موحەمەد فەلیح لە وڵاتێکدا بوایە کە مرۆڤ بایەخی بوایە و تێگەیشتن لە ئاستی نورماڵی ئیمرۆدا بوایە، بێگومان خەڵات دەکرا و رێزی تایبەتی لێدەگیرا. چوونکە لەم هەلومەرجە شێواو و نادیار و پڕ لە ئاژاوە و مەترسییەدا ، ئەو ئینسانە ئەرکی ڕاهێنەریی تیمی نیشتمانیی پاسکیلی ژنان و پیاوانی ئێراقی وەئەستۆ گرت و سەرەڕای نەبوونی هیچ ئیمکانێک و دەرەتانێک توانی پلەی قارەمانەتی بۆ پاسکیلی ئێراق بەدەستکەوت بێنێ. و لە یارییەکانی ساڵی پاری وەرزشی عەرەبیدا مەدالیای ژێر نەسیبی تیمی پاسکیلی ژنانی ئێراق بکات. هەروەها ئیمسالیش توانی تیمی پاسکیلی (ژنان و پیاوان)ی ئێراق لە یارییەکانی ئاسییایی لە دەوحەی ئەمارات رێبەری بکات. بەڵام بەداخەوە تەنیا 2 رۆژ پاش گەڕانەوەی لەلایەن چەکدارە "ناموس پەرەست و موجاهێدەکانەوە" دەڕفێندرێت و هەروەک باسکرا بەشێوەیەکی دڕندانە دەیکوژن.

له درێژەی تاوان و جەنایەتی ئەوتۆدا 2 ڕۆژ پێشتریش تەرمی راهێنەری تیمی زۆرانی ئیراق مەهەند موحەمەد دیترابووەوە. تێروریستان ئەو ئینسانە بێتاوانەیان بەچەشنێک کە هەر لە خۆیان دەوەشێتەوە، زۆر نائینسانانە کوشتبوو. بە قسەی پولیسی ئێراق، جێگەی ئازار و ئەشکەنجە لە تەواوی لەشیدا دیار بوو . تزوانی ئەویش جیا لە تاوانی موحەمەد فەلیح نییە. ئاخر بیری ئیسلامی سیاسی دژی هەموو دیاردە ئینسانی و ئیمرۆژییەکانی کۆمەڵگای شارستانییە. بە پێچەوانە هەرچی بۆنی خوێن و کهوشتنی لێ بێ، لای ئەوان موباحە. ئەوەیە لە جەنایەتەکانیاندا لە مودێرۆترین چەکی کافرەکان کەلک وەردەگرن ، بەڵام وەرزش و خوێندن و عیلم و زانست بە حەرام دەزانن و چالاکانی ئەم بوارانە دەکوژن، تا بەڵکوو کۆمەڵگە بۆ ئەو دونیایە بگێڕنەوە کە وەعدەیان پێدراوە.

ئەو کوشتارەی کە ئەمرۆ بەبێدەنگ لە ئیراقدا دژی وەرزشکاران ،هونەرمەندان ، مامۆستایانی زانکۆ و بەگشتی نوخبە و توێژی خوێندەوار و بەکەڵکی کۆمەڵگە بەڕێوە دەچێ نابێ هەروا بەئاسانی بەسەریدا باز بدەین. ئەم شێوە کوشتارە کردەوەهایەکی ڕێکخراو و بە بەرنامەن کە پێش هەموو چت ژێرخانی فەرهەنگیی ئەو وڵاتە بەروە داهێزان و پەرش و بلاوی و لە ئەنجامدا دواکەوتوویی زۆرتر دەبەن. ئاشکرایە ئەم حەرەکەتە کۆنەپەرستانە و جەنایەتکارانەیە تەنیا لە ئێراق دا قەتیس نامێنێ و لە هەر شوێنێک ئیسلامی سیاسی تۆسقاڵێک هێز و دەسەڵات بگرێ بەڕێوەی دەبات. بۆیە ئەرکی سەرشانی خەڵکانی لائیک و سکۆلار و هەر مرۆڤێکە بە لەقاودانی ئیسلامی سیاسی و مەحکووم کردنی هەرحەرەکەتێکی دژی مرۆڤانە (لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە) بەشێوەی جیدی بۆ بنکۆڵکردنی بواری گەشە و تەشەنای ئەم فیکرە رووخێنەرە هەوڵ بدات. دیارە لەم نێوانەدا ئەو دەسەڵاتانەی کە خۆیان بە مەدەنی و نا ئیدئولوژیک دەزانن ئەرکی زۆرتریان لە ئەستۆدایە و نابێ لەژێر ناوی ڕێزگرتن لە داب و نەریت و باوەڕەکانی خەڵک، مەودای گەشە و پەرەی ئیسلامی سیاسی خۆش بکەن. ئەمە بەتایبەت لە باشووری کوردستاندا زۆر گرینگە . بەڵام بەداخەوە سەرەڕای هاوار و کۆششی رۆشنبیرانی سکۆلار، دەسەلاتی کوردی هێشتا مەترسیی ئیسلامی سیاسیی یا دەرک نەکردووی ، یا ئەوەی زۆر بە دوژمنی خۆی نازانێ. دیارە کردەوەی ناڕەوای گەندەڵ پەروەری و داڵدەدانی کۆنە جاش و دز و تاڵانچیەکانی ڕابردوو، بووەتەهۆی دڵساردیی خەڵک کە ئەمەش بواری گەشەی ئیسلامی سیاسی بە بەرزکردنەوەی دروشمی فریودەرانە و خەرج کردنی پارەی نەوتی وڵاتانی دراوسێ ، تا ڕادەیەک خۆش کردووە. جیا لەوەش پەرش و بڵاوی هێزە چەپ و سێکۆلارەکان بواری سەربەرزکردنەوەی ئیسلامی سیاسیی بەرفراوانتر کردووەوە .

بەفرانباری 2706